پەیامێکی هەمانەی کورد لە نەو ژاوەژاودا: هیچ دەنگێک لە دەنگی لێکتێگەیشتن بەرزتر نییە

نێچیرڤان بارزانی دەڵێت، باوەڕی تەواوی بەوەیە کە تاکە ڕێگە بۆ سەقامگیری، ئاسایش و خۆشگوزەرانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە گفتوگۆی گشتگیر و بنیاتنەر و لێکتێگەیشتنی هاوبەشی هەموو لایەنەکانە.

ئەمە سەشەممە ٢٤ـی حوزەیرانی ٢٠٢٥، نێچیرڤان بارزانی، لە بارەی ئاگربەستی نێوان ئێران و ئیسرائیل وتی، پێشوازی لە ڕاگەیەندراوەکەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا دەکات بۆ ئاگربەست. هەروەها، سوپاسی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا و سەرکردەکانی دیکە دەکات بۆ پابەندبوونیان بۆ دیپلۆماسی و چارەسەری ئاشتیانەی ناکۆکییەکان لەم کاتە هەستیار و گرنگەدا.

ئاماژەی بۆشکرد، باوەڕی تەواوی بەوەیە کە تاکە ڕێگە بۆ سەقامگیری، ئاسایش و خۆشگوزەرانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە گفتوگۆی گشتگیر و بنیاتنەر و لێکتێگەیشتنی هاوبەشی هەموو لایەنەکانە.